# پرۆژە پێشنیازی
# یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی میدیا
# لە هەرێمی کوردستاندا

گەڵاڵەکراوە لەلایەن:
دەستەیەك لە ئەکادیمیی و پسپۆڕانی میدیا
لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا

کانونی یەکەمی 2019

## بەشی یەکەم:
## چەمکە گشتییەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەو چەمك و دەستەواژانەی خوارەوەیە کە واتای هەریەکەیان لەبەرانبەریاندا دیاریکراوە:

**یەکەم: هەرێم**، هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم: پەرلەمان**، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

**سێیەم: ئەنجومەن**، ئەنجومەنی نیشتمانیی میدیا.

**چوارەم: میدیا**، هەر ئامڕازێکی میدیایی دەگرێتەوە کە لە گواستنەوەی ناوەڕۆکی پەیامێکی میدیایی بەرپرس بێت، بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازیی و جۆری پەیامە گوێزراوەکە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە بێت یان لە ڕێی میدیای چاپکراو، پەخشکراو و دیجیتاڵی.

**پێنجەم: پەیامی میدیایی**، ناوەڕۆکی هەر کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکییەکی گشتیی پەیوەست بە وەرگرتن، بەرهەمهێنان، گواستنەوە، پەخش و بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیایی بینراو، بیستراو، خوێنراو و دیجیتاڵیی دەگرێتەوە.

**شەشەم: میدیاکار**، هەر پیشەوەرێکی میدیایی دەگرێتەوە کە بەشداربێت یان بەرپرس بێت لە وەرگرتن، بەرهەمهێنان، گواستنەوە، پەخش و بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیایی بینراو، بیستراو، خوێنراو و دیجیتاڵی.

**حەوتەم: کەس**، کەسی گشتیی یان مەعنەویی دەگرێتەوە.

**هەشتەم**: **لایەنە پەیوەندییدارەکان**، وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی هەرێم و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم**: بەگوێرەی ئەم یاسایە ئەنجومەنێك لەژێر ناوی "ئەنجومەنی نیشتمانیی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا" دادەمەزرێت، بۆ ڕێکخستنی یاسایی و چاودێرییکردنی پیشەیی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی لەسەرتاسەری هەرێمدا.

**دووەم**: ئەنجومەن، دامەزراوەیەکی سەربەخۆی نیشتمانیی پیشەییە، خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی خۆیەتی و لەبەرامبەر چاودێریی و لێپرسینەوەی پەرلەماندا بەرپرسیارە.

**سێیەم**: بارەگای سەرەکی ئەنجومەن لە پایتەختی هەرێمدا دەبێت و بەگوێرەی پێویست نووسینگەکانی خۆی لە ناوەندی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکانی دیکەی هەرێمدا دەکاتەوە.

## بەشی دووەم:
## ئامانجە گشتییەکان

**ماددەی سێیەم:**

ئەنجومەن، کار بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەکات:

**یەکەم:** پاراستنی ئازادی دەربڕین و رۆژنامەگەری، پشتبەست بە یاسای ژمارە 35ی ساڵی 2007ی "یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان"دا.

**دووەم:** پاراستنی مافی زانینی هاووڵاتیان و سوودمەندبوونیان لەخزمەتگوزارییەکانی میدیا، پشتبەست بە یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2013ی "یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق"دا.

**سێیەم:** پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکانی تاکەکەس و تایبەتمەندییەکانی ژیانی تایبەتی کەسەکان، پشتبەست بەیاسای ژمارە 06ی ساڵی 2008ی "یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندییکردن لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق"دا.

**چوارەم:** پاراستنی سیاسەت و هاوسەنگیی جێندەریی وداد‌پەروەریی کۆمەڵایەتی.

**پێنجەم:** پاراستنی یەکڕیزیی نیشتمانیی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

**شەشەم:** پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی.

## بەشی سێیەم:
## پۆلێنکردنی پەیامی میدیایی و هێڵە گشتییەکانی کارکردن

**ماددەی چوارەم:**

پەیامی میدیایی بەمشێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێت:

**یەکەم: پەیامی نوسراو.** هەموو ئەو پەیامانە دەگرێتەخۆ کە لە رێگەی ژانەرە رۆژنامەوانییەکانی رۆژنامە، گۆڤار، پۆستەر، پرۆشۆر و هەر جۆرێکی دیکەی چاپەمەنییەوە بڵاودەبنەوە.

**دووەم:پەیامی بیستراو.** هەموو ئەو پەیامانە دەگرێتەخۆ کە لە رێگەی میدیای پەخشکراوی رادیۆ و ئامێری دەنگییەوە بە بیسەران دەگات.

**سێیەم: پەیامی بینراو.** هەموو ئەو پەیامانە دەگرێتەخۆ کە لە رێگەی میدیای پەخشکراوی سکرین و ریکلامی رووناکیی شوێنە گشتییەکان و تەلەڤزیۆنی ناوچەیی و ئاسمانیی و هەر جۆرێکی دیکەی بینینەوە بە وەرگر دەگات.

**چوارەم: پەیامی لێکدراو.** هەموو ئەو پەیامانە دەگرێتەخۆ کە لەرێگەی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای زیرەکی وەك مۆبایل و ئایپاد و تابلێت و هاوشێوەکانییەوە بەوەرگر دەگات. ئەویش لەرێگەی لێکنزیککردنەوە و تێکەڵکردنی خزمەتگوزارییەکانی میدیای چاپکراو و پەخشکراو بە میدیای دیجیتاڵی.

**ماددەی پێنجەم:**

پەیامی میدیایی، دەبێت رەنگدانەوەی ئەم هێڵە گشتیانەی خوارەوە بێت:

**یەکەم:** ناسنامەی نیشتمانیی کوردستان.

دووەم: ئاسایشی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی هەرێم.

**سێیەم:** سیاسەت و ستراتیژی جێندەریی و هاوسەنگیی جێندەری.

**چوارەم:** سەرچاوە کولتوریی، کەلەپوریی و ژیارییەکانی کوردستان.

**پێنجەم:** تایبەتمەندییەکانی رەگەزی مێیینە و بەکارنەهێنیان وەك شمەك و کاڵای بازرگانی.

**شەشەم:** ئازادییە کەسییەکان و شکۆی تاکەکەس و سوکایەتی نەکردن بە تایبەتمەندییەکانی.

**حەوتەم:** منداڵێتیی منداڵ و خراپبەکارنەهێنانیان لەو پەیامانەی چاپ و پەخش و بڵاودەکرێنەوە.

**هەشتەم:** بەندەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و بنەما و دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراسی.

**نۆیەم:** ڕەچاوکردنی جیاوازیی بەها و بیروباوەڕ و بۆچوونی کەسیی شوێنکەوتووانی سیاسەت، ئایین و ئایینزاکان.

**دەیەم:** پاراستنی شیرازەی خێزان و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و جیاکارییەنەکردن لەنێوانیاندا.

**یازدەیەم:** پەیڕەوکردنی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و ئەو بەرژەوەندییە نیشتمانیانەی مانەوە و بەردەوامیی قەوارەی هەرێم دەپارێزن.

## بەشی چوارەم:

## رێکارەکانی رێکخستن و چاودێرییکردنی پەیامی میدیایی

**ماددەی شەشەم:**

رێکخستنی چوارچێوەی یاسایی و چاودێرییکردنی پیشەیی پەیامی میدیایی لەرێی ئەم رێککاریانەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** پابەندکردنی هەر میدیاییەکی هەرێم بە دانانی رستێك رێسای پیشەیی کە دەستنیشانی سیاسەت و ستراتیژی میدیایی خۆی بکات، بەمەرجێك پێچەوانەی ئامانجەکانی ئەم یاسایە و حوکمەکانی نەبێت.

**دووەم:** پابەندکردنی هەر میدیاییەکی هەرێم بەهەبوونی گرێبەستی یاسایی کارکردن لەنێوان خۆی و ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکەن، بەجۆرێك کات و شوێنی کارکردن، تایبەتمەندێتی کار و جێندەر، مووچە، پاداشت و سزا و جۆری قەرەبووکردنەوەی رۆژانی پشوو یان کاری زیادەی تیا دەستنیشانکرابێت.

**سێیەم:** رێکخستن و دیارییکردنی جۆر و شێوازی کارکردنی میدیاکاران بەجۆرێك کە ناچار بەئەنجامدانی کارێك نەکرێن کە پێچەوانەی رێسا پیشەییەکانی رۆژنامەگەریی و یاسا بەرکارەکانی هەرێم بن.

**چوارەم:** هۆشیارییدان لەوەی بەبێ هەبوونی بەڵگەیەکی روونی یاسایی، هیچ میدیاکارێك لەکارەکەی دوورنەخرێتەوە.

**پێنجەم:** هۆشیارییدان لەوەی بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و تێپەڕینی (30) رۆژ بەسەر ئاگادارکردنەوەکەیدا، لێکۆڵینەوەی یاسایی لەگەڵ هیچ میدیاکارێکدا نەکرێت.

**شەشەم:** پابەندکردنی میدیاکار بەیاسا بەرکارەکانی هەرێم و رێسا پیشەییەکان و سیاسەتی کارکردنی ئەو دامەزراوە میدیاییەی گرێبەستی کارکردنی لەگەڵیدا هەیە. بەجۆرێك کە رێز لە بنەماکانی جاڕنامە و یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بگرێت.

**حەوتەم:** بەئاگاهێنانەوەی هەر میدیایەکی هەرێم لە بەزاندنی ئازادییە کەسییەکان و دەستێوەردانە نێو ژیانی تایبەتیی کەسەکان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتیی و بایەخی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا.

## بەشی پێنجەم:
## پێکهاتە و ئەندامێتی ئە نجومەن

### ماددەی حەوتەم:

ئەنجومەنی نیشتمانییی میدیا پێکدێت لە:

**یەکەم:** سەرۆکی ئەنجومەن

**دووەم:** جێگری سەرۆکی ئەنجومەن

**سێیەم:** سکرتێری ئەنجومەن

**چوارەم:** ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن

### ماددەی هەشتەم:

**یەکەم:** ئەنجومەنی نیشتمانییی میدیا لە نۆ ئەندام پێکدێت کە لەلایەن زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دیارییدەکرێن. ئەوەش دوای ئەوەی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە سیڤییەکانیان دەخرێتەبەردەم پەرلەمانتاران و هەڵیاندەبژێرێن، بەمەرجی تەرخانکردنی 30٪ی دەستەی هەڵبژێردراو بۆ رەگەزی مێیینە.

**دووەم:** ماوەی کارکردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەم ئەنجومەنە، پێنج ساڵی رۆژژمێرییە و بۆیان هەیە بۆ یەك خولی دیکە خۆیان بەربژێر بکەنەوە.

**سێیەم:** پاش هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن، بەتەنها سەرۆکی ئەنجومەن بە دەنگدانی نهێنیی لەلایەن ئەندامانی پەلەمانی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت..

**چوارەم:** سەرۆکی ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:

1. بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەنجومەن لەرووی رێکخستن و کارگێڕییەوە.
2. نوێنەرایەتییکردنی یاسایی ئەنجومەنەکە لەناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا.
3. سەرۆکایەتییکردنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن. تەنانەت ئەو کۆبوونەوانەش کە بەلانیکەمەوە دوولەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن داوای دەکەن.
4. هەر ئەرکێکی دیکە کە دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن پێیبسپێرێت.

**پێنجەم:** لەیەکەم دانیشتنیی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەندا، بە دەنگی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی، جێگر و سکرتێری ئەنجومەن هەڵدەبژێرێن.

**شەشەم:** لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا ، جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە و دەسەڵاتەکانی بۆ دەگوێزرێتەوە.

**حەوتەم:** ئەندامانی ئەنجومەن بە پلەی وەزیفیی و مووچەی حکومیی خۆیان ڕاژەکەیان دەگوازرێتەوە سەر میلاکی ئەنجومەن. دوای تەواوبوونی ماوەکەیان، دەگەڕێنەوە سەر میلاکی کاری میریی پێشووی خۆیان یان بۆیان هەیە بەپێی ڕێنماییە داراییەکان خۆیان خانەنشین بکەن. ئەوانەشیان کە فەرمانبەری میریی نین، بەپێی ڕێکارە داراییەکانی هەرێم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

**هەشتەم:** کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی دەبێت.

**نۆیەم:** ماوەی خزمەتکردنی ئەندامییەتی لەئەنجومەندا بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرزکردنەوە و خانەنشینیی هەژمار دەکرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەو کەسەی بۆ ئەندامێتی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت، دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوە تیابێت:

**یەکەم:** پێویستە کوردستانیی بێت و نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بێت.

**دووەم:** لە بوارێك لە بوارەکانی میدیادا پسپۆڕ یان ئەزمووندار بێت.

**سێیەم:** لانیکەم خاوەنی بڕوانامەیەکی زانستیی بێت کە لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت.

**چوارەم:** تەمەنی لە 30 ساڵ کەمتر نەبێت.

**پێنجەم:** بەهیچ تاوانێکی ئابڕووبەر یان تیرۆر یان هەر تاوانێکی دیکە حوکم نەدرابێت کە شکۆ و کەسایەتی لەکەدار کردبێت.

**شەشەم:** هەر ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی دادەوەریی هەرێمدا سوێندی یاسایی دەخوات، بەگوێرەی ئەم دەقە:

***"سوێند بەخوای مەزن دەخۆم کە بەرپرسیارییەتییە یاسایی و پیشەییەکانم بەئەمانەت و بە لەخۆبووردیی و دڵسۆزییەوە جێبەجێ بکەم و بە سەربەخۆیی و بێلایەنیی کار بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکانی سەرشانم بکەم، خوا شایەتە لەسەر ئەوەی دەیڵێم".***

**ماددەی دەیەم:**

شێوازی کارکردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** ماوەی ئەندامێتیی ئەنجومەن، پێنج ساڵی ڕۆژژمێریی دەبێت لەگەڵ هەبوونی مافی خۆپاڵاوتن بەتەنها بۆ یەك خوولی دیکە.

**دووەم:** ئەنجومەن لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی هەفتانە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات و بڕیارەکانی بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئامادەبووان دەدرێن. ئەگەر دەنگدان لەسەر بڕیارێك یەکسان بوو، ئەوا دەنگدانی ئەو لایە پەسەنددەکرێت کە

دەنگی سەرۆکی ئەنجومەنی لەگەڵدایە. هەروەك سەرۆك دەتوانێت کەسانی پسپۆڕ بەئامانجی راوێژپێکردنیان بانگهێشتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بکات، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان لەسەر بڕیارەکان هەبێت.

**سێیەم:** سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن لەماوەی ئەندامێتیاندا رێگەیان پێنادرێت کە کارێك بکەن دژی ئامانجەکانی ئەنجومەن بێت و بێلایەنیی بخاتە ژێر پرسیارەوە.

### ماددەی پانزەیەم:

دارایی و سەرچاوەی داهاتی ئەنجومەن لەم سەرچاوانەی خوارەوە بەدەست دێت و بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی خەرج دەکرێت:

**یەکەم:** ئەو بڕە پارەیەی لە بوودجەی گشتیی بۆ ئەنجومەن دیاری دەکرێت.

**دووەم:** داهاتی ئەو بەرهەم و پرۆژە و چالاکییانەی ئەنجومەن ئەنجامیان دەدات.

**سێیەم:** ئەو بەخشینانەی پێشکەش بە ئەنجومەن دەکرێن و لەلایەن دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی دەستەی بەڕێوبردنەوە پەسەند دەکرێن.

## بەشی شەشەم:

## لێپرسینەوە و کۆتاییهاتنی ئەندامییەتی

### ماددەی دوانزەیەم:

**یەکەم:** هەر ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن، کۆتایی بە ئەندامێتیی دێت، لەم دۆخانەی خوارەوەدا:

1. تەواوبوونی وادەی کارکردنی ئەنجومەن.
2. دەستلەکارکێشانەوەی پەسەندکراو.
3. نەخۆشی درێژخایەن، مردن یان بێتوانایی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەندامێتیی و راپەڕاندنی فەرمانەکانی ئەنجومەندا.
4. سێ جار ئامادەنەبوونی یەك لەدوای یەك بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێشوەختە یان بەبێ هەبوونی پاساوێکی رەوا.
5. سزادانی دادگا بە حوکمێکی ئابڕووبەر یان تیرۆر یان زیندانییکردنی بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك.
6. بەخشینی ئەندامانی ئەنجومەن لە فەرمانەکانیان بەشێوەی کۆ یان بە تاك لەلایەن پەرلەمانەوە، کاتێك کە سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکەن، ئەویش بە کۆی دوو لەسەر سێی دەنگی پەرلەمانتاران.
7. ئەگەر سەلمێنرا ئەو زانیاریانەی لەکاتی پاڵاوتنیدا بۆ کارەکەی پێشکەشیکردووە، راست نەبوون.
8. خۆپاڵاوتنی ئەندامی ئەنجومەن بۆ یەکێك لە پۆستە حکومییەکان یان نوێنەرایەتییەکان یان بەرپرسیارێتیی لەنێو میدیایەکی هەرێمدا.

**دووەم:** لەکاتی چۆڵبوونی یەکێك لە کورسییەکانی ئەنجومەن بەهۆی یەکێك لەو بڕگانەی سەرەوە، ئەندامێکی دیکە بەهەمان رێککاریی کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ شوێنە چۆڵبووەکە دیارییدەکرێت.

## بەشی حەوتەم:
## ئەرك و دەستەڵاتەكانی ئەنجومەن

**ماددەی سیانزەیەم:**

ئەركەكانی ئەنجومەن بەمشێوەیەی خوارەوە دەستنیشاندەكرێن:

**یەكەم:** بەشدارییكردن لەچەسپاندنی بنەماكانی دیموكراسیی لە ڕێی بەرفراوانكردنی سنورەكانی ئازادیی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی و مافی دەستگەیشتن بە زانیارییە گشتییەكان.

**دووەم:** ڕێكخستنی چوارچێوەی یاسایی و چاودێرییكردنی پیشەیی پەیامەكانی میدیا بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەكانی پیشەی ڕۆژنامەگەریی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەكانی هەرێم.

**سێیەم:** ڕێزگرتن لە مافە سیاسیی و مەدەنییەكانی تاكەكەس و ڕێگرییكردن لەهەر میدیا و میدیاكارێك كە مافی تایبەتمەندێتیی و ژیانی تایبەتی كەسەكان پێشێل بكات. بەتایبەت ئەگەر هیچ پاساوێكی پیشەیی نەبێت كە بەرژەوەندیی و بایەخی گشتیی كۆمەڵگا مسۆگەر بكات.

**چوارەم:** بەرهەمهێنانی ڕستێك ڕێسای پیشەیی بۆ میدیا و میدیاكاران لەكاتی وەرگرتن، داڕشتنەوە، پەخش و بڵاوكردنەوەی پەیامی میدیاییدا، پشتبەست بە پێوەرەكانی: بەرپرسیارێتی، بێلایەنی، بابەتییبوون، وردبینیی، ڕاستگۆیی، سەربەخۆیی، بێگەردی، دەستپاكی، هاوسەنگی، ئازادیی كاركردنی پیشەیی و بڵاوكردنەوەی زانیاری، ڕێزگرتنی تایبەتمەندێتیی و پاراستنی ژیانی تایبەتی كەسەكان، ڕێزگرتنی كۆی بەهاكان، پاراستنی نهێنی سەرچاوەی زانیاری، ناساندن و جوانكاریی زمانەوانی، دادوەریی و دووركەوتنەوە لەحوكمدانی پێشوەخت، هاریكارییئەكردنی دەزگا سیخوڕییەكان و ڕێگرتن لەهەر جۆرێكی جیاكاری.

**پێنجەم:** بڵاوكردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانیی لەبارەی پێویستیی پابەندبوونی میدیا و میدیاكاران بە پێوەرەكانی ڕێسا پیشەییەكانی ڕۆژنامەگەریی و بنەما یاساییە كارپێكراوەكانی هەرێم.

**شەشەم:** بڵاوكردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانیی لەبارەی خراپبەكارنەهێنانی میدیا و پەیامەكانی لەڕووی یاسایی و پیشەییەوە.

**حەوتەم:** بەشدارییكردن لە چارەسەركردنی كێشەكانی میدیا و میدیاكاران لەگەڵ دەزگاكەی، جەماوەر یان هاووڵاتیان و هەریەك لە دەسەڵاتەكانی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەریی لەڕێی دروستكردنی دادگایەكی تایبەت بەتاوانەكانەكانی بڵاوكردنەوە.

**هەشتەم:** یەكخستن و یەكلاییكردنەوەی گوتاری نیشتیمانیی میدیا، بەتایبەت لەسەروەختی هەڵمەتی بانگەشەكانی هەڵبژاردن، قەیران، شەڕ و ململانێی ناوخۆیی و دەرەكیی هەرێمدا.

**نۆیەم:** گەشەپێدانی كێبركێی پیشەیی لەنێوان میدیاكاراندا، لە ڕێی ڕێكخستنی خاوەندارێتی میدیا و ڕەخساندنی هەلی یەكسان بۆ گەیشتن بە سەرچاوەكانی زانیاری.

**دەیەم:** گەشەپێدانی پیشەسازی میدیایی و بەرهەمهێنانی نیشتمانیی بەرەچاوكردنی كەلەپور و كولتوری كوردستان.

**ماددەی چواردەیەم:**

ئەنجومەن، لە رێی ئەم میکانیزمانەی خوارەوە کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجانەکانی دەکات:

**یەکەم:** چاودێرییکردنی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی.

**دووەم:** داڕشتنی سیاسەتی دارایی و کارگێڕیی ئەنجومەن.

**سێیەم:** وردبوونەوە و بەدواداچوونی ئەو رەخنە و سکالآیانەی ئاڕاستەی میدیا و میدیاکاران دەکرێن.

**چوارەم:** پێشنیازکردنی هەمواری یاسا یان گەلآڵەکردنی پرۆژە یاسای نویێ بۆ ئەو بوارانەی میدیا کە هێشتا رێکنەخراون یان پێویستییان بەتازەکردنەوەیە. ئەوەش، بەهەماهەنگیی و لەرێگەی لایەنە پەیوەندییدارەکانی هەرێم دەبێت.

**پێنجەم:** بڕیاردان لەسەر تازەکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردنی دەزگایەکی میدیایی بەدەنگی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن، ئەگەرهاتوو لەرووی یاسایی و پیشەییەوە بەردەوامبوو لەسەر پێشلکارییەکانی. بەتایبەت پاش دووجار ئاگاداکردنەوەی فەرمی.

**شەشەم:** ئاشکراکردنی گشتیی ئەدائی کارکردنی میدیا و میدیاکاران لە رێی دەرکردنی راپۆرتی وەرزیی ئەنجومەنەوە.

**حەوتەم:** پەسەندکردنی گرێبەستی کارکردنی پیشەیی نێوان خاوەنی میدیا و میدیاکاران.

**هەشتەم:** راهێنانی میدیا و میدیاکاران لەسەر پاراستنی هاوسەنگیی لە وەرگرتن و داڕشتنەوە و بلآوکردنەوەی پەیامی میدیایی، لە رێگەی جیاکردنەوەی ریکلام، بۆچوون و زانیاریی لەبارەی رووداوەکان و دوورکەوتنەوە لە حوکمی پێشوەخت و دادگاییکردنی تۆمەتباران.

**نۆیەم:** بلآوکردنەوەی هۆشیاری یاسایی، بەجۆرێك ئەو بەڵگەنامە و داتا و زانیاریانەی میدیاکار دەستیدەکەون لەسەروەختی لێکۆڵینەوەدا وەك بەڵگەی تاوان دژی بەکار نەهێنرێن، مەگەر ئەوەی بەنایاسایی بەدەستیهێنابێت.

**دەیەم:** هۆشیارکردنەوەی میدیا و میدیاکاران لەوەی بەبێ ئامادەبوونی دادوەر، نوسینگەی کار، ماڵ، مۆبایل، کۆمپیوتەر و شوێن و کەرەستە تایبەتەکانیان نەپشکنرێن، بەتایبەت ئەگەرهاتوو بەهۆی تاوانێکی بلآوکردنەوەوە تۆمەتبارکران.

## بەشی هەشتەم:
## فەرمانبەرانی ئە نجومەن

**ماددەی پانزەیەم:**

**یەکەم:** گواستنەوەی ڕاژەی کۆمەڵێ فەرمانبەر لە دامودەزگاکانی حکومەت بۆسەر میلاکی ئەنجومەن بەهەمان ماف و جیاوکەکانیانەوە.

**دووەم:** پابەندکردنی فەرمانبەرانی ئەنجومەن بە پاراستنی بەڵگەنامە و نهێنیەکانی ئەنجومەن. بەجۆرێك بۆ هیچ مەبەست و بەرژەوەندییەکی تایبەتیی بەکاریان نەهێنن و ئاشکرایان نەکەن.

## بەشی نۆیەم:
## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی شانزەیەم:**

**یەکەم:** دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن دەتوانێت پشت بە شارەزاو پسپۆڕی نێودەوڵەتیی و ناوخۆیی بوارەکانی میدیا ببەستێت لە قۆناغەکانی چاودێرییکردن، ڕێکخستن و گەلاڵەکردنی پرۆژە یاساکاندا.

**دووەم:** دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن دەتوانێت هەماهەنگیی لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی بکات، بەئامانجی ئاسانکاریی پرۆسەی چاودێریی پیشەیی و ڕێکخستنی یاسایی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

**یەکەم:** دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن پێویستە ڕاپۆرتی وەرزیی لەبارەی ئەرکەکانی ئامادەبکات و پێشکەشی پەرلەمانی بکات.

**دووەم:** دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەن پێویستە ڕاپۆرتێکی ساڵانەی گشتگیر لەبارەی ڕەوشی میدیا لەهەرێمدا ئامادەبکات و پێشکەشی پەرلەمانی بکات.

**ماددەی هەژدەیەم:**

ئەنجومەن بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامەکانی ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

**یەکەم:** داڕشتنی پەیڕەوێکی ناوخۆی تایبەت بەخۆی.

**دووەم:** داڕشتنی پەیڕەوێکی تایبەت بۆ نووسینگەکانی سەر بە ئەنجومەن.

**سێیەم:** کردنەوە و داخستن و بەیەکەوەبەستنەوەی نووسینگەکانی یان بەشەکان یان هۆبەکان لەکاتی پێویستیدا.

**چوارەم:** دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەن مافی پێشنیازکردنی ئەو پرۆژە یاسایانەی بەپەرلەمان هەیە کە پەیوەندیی بە بوارەکانی میدیا و میدیاکارانەوە هەیە. ئەویش بەهەماهەنگیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندییدارەکاندا.

**دووەم:** لە پێکهاتەی کارگێڕیی ئەنجومەندا ڕەچاوی هاوسەنگیی جێندەریی و نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان دەکرێت.

**ماددەی بیستەم :**

لەدوای پەسندکردنی ئەم یاسایەوە، پێویستە لەماوەیەکی دیارییکراودا کە لە (90) ڕۆژ زیاتر نەبێت، ئەنجومەنی نیشتمانییی میدیا پێکبهێنرێت.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

کار بە دەقی هیچ یاسایەکی دیکە یان بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی بیست و دووەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

لەپێناو دەربازکردنی میدیا و میدیاکاران لەدۆخی پشێوی و بەئامانجی رێکخستنی یاسایی و چاودێرییکردنی پیشەییان، هەرێمی کوردستانی عێراق پێویستیی بەدامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانییی میدیا هەیە، بۆ ئەوەی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتانەی دەکەوێتە ئەستۆی میدیا و میدیاکاران لە رێی دەستەیەکی نیشتمانییی نیشتمانیی بێلایەن و سەربەخۆ کە پەیوەست بێت بە پەرلەمانی کوردستان ـ عێراقەوە، رێکبخرێن. ئەوەش وایکردووە کە دەرچوونی ئەم یاسایە ببێتە پێویستییەکی هەنوکەیی.